## زریان عومەر
## یاریزانی تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:



# خەونی هەموو وەرزشكارێكە یاریزانی هەڵبژاردەی وڵاتەكەی بێت

دیمانە: كارزان كانەبی

تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی یەكێك لە تیپە هەرە بەهێزەكانی سەر ئاستی هەرێمی كوردستان و عێراقە، ئەم تیپە بەردەوام لە مەشق و ئامادەكاریدایە لەسەر دەستی راهێنەری یانەكەیان كە رۆڵێكی كارا دەگێڕێ لە دروستكردنی چەندین كچە یاریزانانی بەتوانا بۆ یانەكە، یەكێك لە كچە بەتواناكانی یانەكەش كچە یاریزان زریان عومەرە كە لەدایكبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری سلێمانییە و قوتابی زانكۆی گەشەپێدانە لە سلێمانی و ئاستێكی بەرزی لە یاریكردن هەبووە، تەنیا یاریشی بۆ یانەی پێشمەرگە كردووە. لە نزیكەوە چەند پرسیارێكمان ئاراستە كرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



***ئاستی یاریی تۆپی سەرمێز لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-یاریی تۆپی سەرمێز لە ئاستێکی باشدایە و ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێز دەبێتە هۆی ئەوەی یارییەکە بەرەوپێش بچێت.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بێگومان ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەم یارییە گەشە نەکات و یاریزانانیش پاشەکشە بکەن لەم یارییە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی سەرمێزی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

-کردنەوەی خولی بەردەوام و بەرەوپێشبردنی ئاستی کچ و کوڕە یاریزانەکان و کردنەوەی فێرگەی تایبەت بەم یارییە، هۆکارێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بچێتە قوتاخێکی باشتر.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی سەرمێز لە کوردستان زیاتر چین؟**

-هەموو یارییەك و گرفتی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم یارییەش جگە لە کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی بەردەوام پێویستمان بە هۆڵی وەرزشی تایبەت هەیە پێویستە لە سەرجەم شارەکان هۆڵ بکرێتەوە و پێداویستی وەرزشی دابین بکرێ بۆ یاریزانان.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

- نەخێر، تا ئێستا هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە، لەم یانەی ئێستا بەردەوامم لە مەشق دەمێنمەوە لەگەڵ ڕاهێنەر و هاوڕێکانم بۆ ئەوەی ڕاهێنانێکی باش ئەنجام بدەم و هەوڵی باشتر بدەم بۆ ئەوەی بتوانم ئاستی خۆم بەرزتر بکەمەوە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

-هیواخوازم بتوانم ببمە یەکێك لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-نەخێر، لەگەڵ ئەوە نیم پشت بە یاریزانانی دەرەوە ببەسترێ، پێویستە زیاتر پشتی یاریزانانی کورد بگیرێ بۆ ئەوەی پەرە بەتواناکانی خۆیان بدەن.

***لە خێزانەکەت بە تەنیا وەرزشکاری؟**

-بەڵێ، بەڵام زۆریش هاوکاری دەکرێم لەلایەن خانەوادەکەم.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-داواکارم گرنگی زیاتر بەم یارییە بدرێت و پاڵەوانیەتی زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان زیاتر پێشەوەچوون بە خۆیەوە ببینێ.

***خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

-هیوادارم بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم و بگەمە بەرزترین ئاستی وەرزشی.

***بەهیوای ئەوەنیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-ئەوە خەونی من و هەموو وەرزشکارێکە، باوەڕیشم وایە ئەوە خەونی هەموو وەرزشکارێکە کە یەکێك بێت لە یاریزانانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی.

***لە هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی عێراق داواکراوی؟**

-نەخێر، تاکو ئێستا داوا نەکراوم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوام لە بەسەرکردنەوەی یاریزانانە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو لایەك دەکەن، سوپاس بۆ کارگێڕی یانەکەم و ڕاهێنەرەکەم کە هاوکاری بەردەواممانن.

# ئیدارەی ئینتەر باس لە گواستنەوەی ئۆزێل دەکەن

یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی رای خۆیان لەسەر گواستنەوەی مەسعود ئۆزێلی ئەڵمانی و یاریزانی یانەی ئارسناڵ بۆ ریزی یانەکەیان ئاشکرا دەکەن.


پیێرۆ ئۆسیلیۆی بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی ئینتەرمیلان لە وەڵامی پرسیارێکداو لە بارەی گواستنەوەی ئۆزێل لە گواستنەوەی زستانەدا رایگەیاندووە یانەکەیان بە قورسی دەزانێت لە گواستنەوەی زستانەدا سەرکەوتووبن لە ئەنجامدانی ئەو گرێبەستە.

رونیشیکردووە ئۆزێل لەو جۆرە یاریزانانەیە زەحمەتە لە گواستنەوەی زستانەدا ریزی یانەکانیان بەجێبهێڵن.

بەڕێوەبەری وەرزشی ئینتەرمیلان گوتی: ئێمە بە بەردەوامی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکەمان دەکەین، ئێوە لە سەرجەم شوێنەکان دۆزەرەوەی بەهرەمەندانم هەیە و بەبەردەوامی چاودێری تەواوی یاریزانان دەکەن.

بەڕێوەبەرەکە زیاتر گوتی: ئەوەی پەیوەستە بە مەسعود ئۆزێلەوە بەرای من ئەو جۆرە یاریزانە بەو جۆرە تایبەتەمەندییانەوە لە ناوەڕاستی وەرزدا ریزی یانەکەی بەجێناهێڵێت.

گرێبەستەکەی ئۆزێل هاوینی ساڵی داهاتوو لەگەڵ ئارسناڵ تەواو دەبێت و تا ئێستاش گرێبەستەکەی نوێ نەکردووەتەوە، هەربۆیە ئەگەری بەجێهێشتنی یانەکەی بەکراوەیی ماوەتەوەو لەکاتی نوێنەکردنەوەشیدا دەتوانێت هاوینی داهاتوو بەگرێبەستی ئازاد یانەی ئەرسناڵ بەجێبهێڵێت.



# یاریزانێکی پێشووی ئارسناڵ توشی ئایدز دەبێت

ئیمانیۆل ئیبۆی کۆتدیڤواری و یاریزانی پێشووی یانەی ئارسناڵ دەبێتە هەڵگری ڤایرۆسی (HIV) ، دووچاری نەخۆشی ئایدز دەبێت.

راپۆرتەکانی هەواڵ لە تورکیاوە بڵاویانکردووە لەکاتی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ پەیوەندیکردن بە یانەی تورك لیماسۆل، دەرکەوتووە ئیمانیویل ئیبۆی کۆتدیڤواری دووچاری نەخۆشی ئایدز بووە.

بەپێی هەمان ئەو سەرچاوانە، یاریزانە تەمەن ٣٤ساڵەکە لەگەڵ چەند کەسێکی نزیکی خۆیداو بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی زیاتر گەشتی ئینگلتەرا دەکات.

ئیبۆی پێشترو لەساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١١ یاریزانی یانەی ئارسناڵ بووە و لە ماوەی رابردووشدا و پێش گەڕانەوەی بۆ یاریگاکان لە یاریکردن راگیرابوو.

# پۆچیتینیۆ: مێسی و ڕۆناڵدۆ لەسەروو هەموانەوەن

ماوریسیۆ پۆچیتینۆی راهێنەری یانەی تۆتنهام رەتیدەکاتەوە، کە رایگەیاندبێت هاری کین لە مێسی و رۆناڵدۆ باشتر بێت.

دوای سەرکەوتنی یانەی تۆتنهام بەرانبەر یانەی ئەپۆیل نیقۆسیا بە هاتریکی هارین کین، چەند سەرچاوەیەکی هەواڵی بەریتانیا لە زاری پۆچیتینۆوە بڵاویانکردەوە، کە هاری کین هیچی لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ و لیۆنێل مێسی کەمتر نییە.

بەپێی سەرچاوەکان پۆچیتینۆ رایگەیاندبوو کەین لەو دوو ئەستێرەیە باشترە، بەو پێیەی تەمەنی لەهەردووکیان کەمترە.

لای خۆشیەوە راهێنەرە ئەرژەنتینییەکە ئەو لێدوانەی رەتکردەوەو رایگەیاند رۆناڵدۆ و مێسی لەسەروو هەموو یاریزانەکانن و هۆشداریشی دا بەرانبەر بەو پەستانەی دەخرێتە سەر هاری کین.

پۆچیتینۆ بە رۆژنامەی مارکای ئیسپانی گوتووە: هەرگیز نەموتووە هاری کین لە رۆناڵدۆ و مێسی باشترە، ئەوان بەتەواوی لە ئاستێکی دیکەدان، ئەوان باشترینن و لەماوەی ١٠ ساڵی رابردووشدا ئەوەیان سەلماندووە.

گوتیشی: نابێت پەستانی زۆر بخرێتە سەر هاری کین، ئەو هێشتا تەمەنی بچووکە، ئەو هێرشبەرێکی بکوژە، مێسی و رۆناڵدۆش بەهەمان جۆرن، بەڵام ئەوان لە شوێنی جیاوازدا یاری دەکەن و خاوەنی چەندین شێوازی جیاوازن، ئەوەش یارمەتی کین نادات بە یاریزانانی هاوشێوەی رۆناڵدۆ و مێسی بەراورد بکرێت.





## یانەی سەورە
## شەش کچە یاریزانی سلێمانی هێنایە ریزەکانی



# جەرجیس ڕەشید شكێنەری ریكۆردی جیهانی بەشداری پاڵەوانیەتییەک دەكات



دوای ئەوەی جەرجیس رەشید کوڕە کوردی دانیشتووی شاری دهۆك لە ماوەی رابردوو توانی لە شاری دوبەی لە وڵاتی ئیمارات ریكۆردێكی جیهانی لە یاری لێدانی شیناو و چەند وەرزشێكی دیكە ریكۆرد بشكێنێت لەسەر ئاستی جیهان، جگە لە یاری شیناو ئەم کوڕە لاوە هەریەك لە یارییەكانی لێدانی بۆكسی خێرا لەسەر هەموو ئاستی جیهان و سكواتن و هێزی جەستەیی شكاندنی چەند ریكۆردێكی لەسەر یەك كاتژمێری و دە خولەكی و یەك خولەكی، بەم ریكۆردانەش توانی ناوی خۆی وەكو کوڕە كوردێك بباتە نێو پەرتوكی گینس و ئێستا ئامادەكاری دەكات بۆ بەشداریكردن لە كاری گەورەتر، لەم بارەشەوە جەرجیس رەشید بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من بەردەوام بیر لە بەدەستهێنانی رێكۆرد دەكەمەوە، بۆ ئەوەی وەكو کوڕە كوردێك زۆرترین دەستكەوت لە ژیانی وەرزشیی خۆم بەدەست بهێنم، دوای ئەوەی لە وڵاتی ئیمارات توانیم ریكۆردەكان بشكێنم كە لە ماوەی یەك كاتژمێر ٢٥٠٠ شیناوم ئەنجامدا و لە ماوەی ١٤ خولەك ١٠٠٠ شیناوم لێدا، لیژنەی گینس-یش گوتیان تۆ ریكۆردی یەك خولەكیش بشكێنە لە سەر بۆكس، سەر، یەك پێ و بیست كیلۆ لەسەر پشتمدا بوو، دانیەكی تریش هەر لەسەر تەنیشت بوو ٤٠كیلۆ لەسەر پشتم دانرابوو، ئەوانەشم شكاند.»

لەبارەی بەرزكردنەوەی ئاڵای كوردستان و وێنەی سەرۆكی كوردستان كە ئایا رێگری لێ كراوە، جەرجیس گوتی: «بەڵێ سەرەتا ئەو كارەی من بەدڵی ئەوان نەبوو، بەڵام كە ئەوان بە چاوی خۆیان بینییان كە ئێمە چەندین ریكۆردمان پێشكەش كردووە بۆ شكاندن و دواتریش هەموو ئەو كارانەمان كرد كە هیچ كەس نەیكردبوو، بۆیە زۆر رێزی ئێمەیان گرت و رازی بوون.»

گوتیشی: «ئێستا سەرقاڵی ئەوەم كە ئامادەكاریی چڕ بكەم بۆ بەشداریكردن لە شكاندنی ریكۆرد لە وڵاتی ئەڵمانیا، پشتیوان بەخوای گەورە لە ماوەی داهاتوو دەچمە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی لەو وڵاتەش چەند ریكۆردێك بە ناوی خۆم تۆماربكەم.»

دوای ئەوەی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دەستپێکردنی وەرزی نوێی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستانی دا، یانەکانیش سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ ئەوەی کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری بکەن بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە کە ئەمساڵ خولەکە بە شێوازی دوو کۆمەڵە یارییەکانی بەڕێوەدەچێت، یانەی سەورەش دوای بڕیاری بەشداریکردنی لە خولەکە، لە ئێستادا بەهێنانی چەندین یاریزان خۆی بەهێز دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی سەورە گرێبەستی لەگەڵ شەش یاریزانی پێشووی یانەی ئافرۆدێت کردووە بۆ ئەوەی لە خولی فوتساڵ یاری بۆ ئەوان بکەن، هەر لەو بارەیەوە عەباس فەرەج راهێنەری پێشووی ئافرۆدێت و راهێنەی ئەم کچە یاریزانانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من زیاتر لە ٢٤ یاریزانی کچم هەیە، لە یاری تۆپی پێ هەشت یاریزانم دا بە یانەی ئافرەتانی هەولێرو یانەی سەورەش دوای ئەوەی بڕیارماندا کە بەیەکەوە کاربکەین، بەڵام پێشووتر من بەڵێنم بە ئافرەتانی هەولێر دابوو، بۆیە چوومە شاری هەولێر بۆ ئەوەی ئەم کچە یاریزانانەمان لە وەرزش دانەبڕێن، چەند یانەیەك داوای یاریزانانی ئێمەی کردووە، منیش شەش یاریزانی تیپەکەم داوە بە تیپی سەورە بۆ بەشداریکردن لە خولی فوتساڵی کوردستان، کچەکانیش بریتین لە هەریەك لە کچە یاریزانان (هۆنیا جەمال، شیرین، سومەییە، شاگوڵ، شانیا، سۆما) نزیکەی نۆ مانگە ئەم کچە یاریزانانە لە مەشقی بەردەوامدان و ئاستی ئەم یاریزانانەش زۆر بەرزن، منیش متمانەی تەواوم پێیان هەیە.»

لە بارەی گرێبەستی ئەم یاریزانانە و یانەکەش، عەباس فەرەج گوتی: « تاکو کۆتاییهاتنی خولەکە ئەم یاریزانانە یاری بۆ سەورە دەکەن و گرێبەستەکانیان تەنیا ٢٥٠هەزار دینارە تاکو کۆتایی خولەکە، ئەم کچە یاریزانانە لە هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراقیش داواکراون، بۆیە ئاستێکی بەرز لەم یاریزانانە چاوەڕوان دەکەم، سەرجەم پێداویستییەکانیشان بۆ دابین دەکرێ، هیواخوازیشم ئەم یاریزانانە بتوانن پێکهاتەیەکی بەهێز بۆ یانەی سەورەی شاری کەرکووك دروست بکەن.»



## برایەتی خۆی بەهێز دەکاتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی برایەتی دوای ئەوەی کە وەرزی رابردوو نەیتوانی ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێت لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و تەنیا پلێتی مانەوەی لە خولەکە بەدەست هێنا، بۆیە ئەمساڵ کارگێڕی یانەکە جارێکی تر متمانەی بە فاتیح حەمە خانی راهێنەری یانەکە دایەوە بۆ ئەوەی ئەمساڵ سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکەن و بتوانن ئەنجامێکی دڵخۆشکەر لە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە بەدەست بهێنن، بۆیە کارگێڕیی یانەی برایەتی لە ئێستاوە هەوڵی ئەوەی داوە ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانا بهێنێتە ریزی یانەکە، تیپەکەش گرێبەستی لەگەڵ هەڵگورد مەلا محەمەدی یاریزانی پێشووی یانەی هەولێرو جیهاد موحسین یاریزانی پێشووی یانەی زێرەڤانی وهەریەك لە یاریزانانی لاو نەزیر حەمید و بژار مەهدی کردووە، یانەکەش بەرنامەیەکی چڕی داناوە بۆ ئەوەی ئەمساڵ بە بەهێزییەکی زۆرترەوە بچێتە نێو کێبڕکێیەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان.